# هونەرمەندی گەورەی گەلی کورد کاك ناسری ڕەزازی!

هەواڵی کوتوپڕی مەرزیەخان، نەك هەر بنەماڵەکەی ئێمە، بەڵکوو بنەماڵەکانی سەراسەری کوردستانی تاساند و شڵەژاند و تووشی خەمباری و پەرۆشی و گریانی کردن.

کۆچی مەرزیە خانی هاوسەرت لە نێومان، خەم و پەژارەکەی تەنیا بۆ هونەرمەندان نەبوو، بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین؛ زۆربەی چین و توێژی کوردستانی گرتەوە.

کاك ناسر گیان! بەڕاستی خەمبار و پەرۆش و دڵ بریندارین و خۆمان بە شەریکی خەم و پەژارەتان دەزانین و هەرگیز ئەو خەسارەتە مەزنە لە بیر ناکەین.

ئێمە بنەماڵەکەمان سەرەخۆشی خۆمان بە دڵنیا خان، ماردین، کاردۆ و شەخسی بەڕێزتان ڕادەگەیەنین و هیوادارین بە هەر شێوەیەك کە بۆت دەکرێ هەوڵی خۆت بدەیت ئەو خەم و خەفەت و کارەساتە لەسەر منداڵە خۆشەویستەکانت بڕەوێنی و لە بیری دڵی ناسکیان دابی.

لە لایەن: سەعید کاوە و مراد کاوە

2005-09-19 ئۆرەبروو - سوئێد